## با قوربانیانی جینۆسایدی گەلیك نەكەینە قوربانی موزایەدەی سیاسی

دلشاد

ماوەیەكە كاك سەلام عبدالله بەچەند نوسینیك بۆتیگەیاندنی ئەوانەی ئەیانەوی رووی تاوانكارانی جینۆشایدی هەلەبجە سپی بكەنەوە چەند نوسینیكی بلاوكردەوە،بەلام وادیارە سەلەفیتی بیركردنەوەی ئەوانە ریگەیان پی نادات بۆتۆزیك گوی‌بگرن و فیری هەلسەنگاندنی روداو و كارەساتەكان بن.

لە دنیادا تاوانكارانی‌جینوساید هەردەم بیانویەكی پوچیان هەبووە بۆ شەرعیەتدان بە جینوسایدكردن، بەلام هەردەم مرۆفدۆستان و ئازادیخوازان هەموو بیانوەكانیان بە پوچ زانیوە و هیچ بیانویەك نی‌یە بۆ جینوساید كردن و قركردنی گەلیك.

ئەم بەریزانە بە ئاگا یان بیّ ئاگا، قسەكانی فاشستە عەرەبەكان دوبارە ئەكەنەوە بۆ پەردە پۆشكردنی جینۆسایدی گەلیك لە لایەن رژیمی خوین رژیمی عیراقەوە.

رژیمی فاشستی عیراقیش لە پاش كیمیابارانەكە ئەم جۆرە بیانوانەی لە ریگەی سیخورەكانی‌یەوە خستە نیو خەلكەوە بۆ پەردەپۆشكردنی تاوانەكەی، بەلام تەنیا یەك كەسیشسی قەناعەت پی نەكرا.

ئیستا پاش 14 سال ئەم بەریزانە ئەیانەوی خەلك قەناعەت بكات كە رژیمی عیراق بیانووی هەبووە بۆ كیمیابارانكردنی هەلەبجە. پیم وایە هیچ كەسیك ریگە نادات كە جینوسایدی گەلیك بكریتە قوربانی جیاوازی و مزایەدەی سیاسی چەند كەس و گروپیك، كە بیانەوی مزایەدەی شەخسی و سیاسی خۆیان بە قوربانیانی جینۆسایدی گەلیكەوە بكەن، هەر روداو و كارەساتیك كات و باسی خۆی هەیە.

كیمیابارانی هەلەبجە بریاریكی خیرای رژیمی فاسشتی عیراق نەبوو، بە بیانوی ئەوەی كە بەرەی كوردستانی یان ی.ن.ك لەگەل ئیران ئەو شارەیان گرت. بەلكو دەمیك بوو ئەو رژیمە بریاری قركردنی ئەو گەلەی دابوو. درندەترینیان بریاری سرینەوەی شاری هەلەبجەی دابوو، كە بەچەند قۆناغیك جی‌بەجی‌ی كرد

لە سالانی حەفتاكان رژیم بۆردومانی خەستی هەلەبجەی كرد، بەلام بە تەواوی بۆی ویران نەكرا و ئەو دەمە چەكی كیمیاوی نەبوو.

لە سەرەتای هەشتاكان رژیم چەند گەرەكیكی ئەو شارەی روخاند و ویرانكرد، بە نیاز بوو هەنگاو هەنگاو گەرەكەكانی تریش وویران بكات،

دوا قۆناغیش كیمیابارانی 1988بوو.

پاشان : كیمیابارانی كردنی گوندەكانی سەیسوینان و ناوچەی قەرەداغ، بیانووەكانی چی بوون؟

كیمیابارانی گوندەكانی ناوچەی بادینان، بیانوەكانی چی بوون؟

هیوادارم جیاوازی شەخسی و سیاسی وامان لیّ نەكات كە لیكدانەوەكانمان بە روو سپیكردنەوەی تاوانكارانی جینۆساید تەواو بیت.

2002/3/27